# خەڵكانێك لە هۆزی عوكل وعورەینە هاتن، بەڵام هەوای مەدینەیان پێنەكەوت

لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خەڵكانێك لە هۆزی عوكل وعورەینە هاتن، بەڵام هەوای مەدینەیان پێنەكەوت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێكردن بەوەی بچن بۆ لای ڕانە وشترەكان (كە زەكاتن ولە دەرەوەی مەدینەن)، ولە میز وشیری وشترەكان بخۆنەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن، كاتێك چاك بوونەوە؛ شوانەكەی پێغەمبەریان كوشت -صلى الله عليه وسلم-، و وشترەكانیان برد، لە بەیانیدا هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش چەند پیاوێكی نارد بە دوایاندا، ولە نیوەڕۆدا هێنران، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیكرد بە بڕینی دەست وقاچەكانیان، وبە پارچە ئاسنێكی گەرم چاویان كوێر كرا، وفڕێ درانە ناوچەی (حەڕە)، داوای ئاویان دەكرد، ئاویان پێنەئەدرا، ئەبو قیلابە دەڵێت: ئەوانە دزیان كرد وكوشتنیان ئەنجامدا، وكوفریان كرد لەپاش باوەڕ هێنانیان، ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەكەیان كرد».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری]

كۆمەڵە پیاوێك لە هۆزەكانی عوكل وعورەینە هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ومسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام تووشی نەخۆشیەك بوون كە ورگیانی گەورە دەكرد، بۆیە حەزیان نەكرد لە مەدینە بمێننەوە چونكە خواردن وهەوای مەدینەیان پێنەدەكەوت. بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی كرد بەوەی بڕۆن بۆ لای ڕانە وشترەكان كە بە خێر وزەكات بەخشراون، ولە شیر ومیزەكانیان بخۆنەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن، كاتێك چاك بوونەوە وقەڵەو بوون وڕەنگیان بۆ گەڕایەوە؛ شوانەكەی پێغەمبەریان كوشت -صلى الله عليه وسلم-، و وشترەكانیان دزی، بۆیە هەواڵی ئەم ڕووداوە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەرەتای ڕۆژدا، ئەویش ناردی بە دوایاندا، وگرتیانیان، كاتێك خۆر بەرزبوویەوە بە دیلی هێنران بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمانیكرد بەوەی دەست وقاچەكانیان ببڕدرێتەوە، وچاویان دەربهێندرێت، چونكە وایان كرد بە شوانەكە، وفڕێدرانە ناوچەی حەڕە، داوای ئاویان دەكرد پێیان نەئەدرا، هەتاوەكو مردن. ئەبو قیبلابە دەڵێت: ئەوانە دزی وكوشتن وكوفریان كرد لە پاش ئیمان هێنان، ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەكەیان كرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66205